# بەپێشێل کردنی ئازادیەکان لەزاخۆ، ئاسایشی هەرێم تێکچوو

سەید عەتا



ئازادی یە کێکە لەخۆراکەکانی ژیانی ڕۆژانەی هەموو تاکێکی سەرگۆی زەوی ، مرۆڤ بێ سەربەستی ناتوانێ خواستەکانی بهێنێتەدی ، گەلانی جیهان بەزەوتکردنی ئازادیەکانیان دەچەوسێنەوە لەماناى ژیانێکی ئاسودە تێناگەن ، دیپلۆمتکارانی ناوحیزبە دەسەڵاتدارە ئۆتۆکراسیەکان بە پێی خواستی خۆیان بازنەی ئازادیەکانی ژیان دەکێشن بۆ هاوڵاتیان لەو سنورەدا دەیا نخولێنەوە ، بەهەرلایەکدا پەل بهاوێژن دەچنەوە باوەشی ساردی دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان ، ئازادی بیرێکی فەلسەفیە و لەژێر ئەوچەمکەشدا هاوڵاتی ئازادی جۆراوجۆری هەیە وەك : ئازادی بیرو دەربڕین ، نیشتەجێ بوون ،ئاینی ، کۆمەڵایەتی ،کۆبونەوە ، کاروفرمان ، پەیوەندیەکی ڕەها لەنێوان ئازادیەکانی مرۆڤدا هەیە ، لەگرنگ ترینیان ئازادی میتافیزقی و یاسا و ئازادی کۆمەڵگایە ،ئازادی میتافیزیکی ( واتە توانای هەڵس و کەوتی تاکە لەبڕیاردان ) ، ئەوەی کەلەتوانای مرۆڤ بەدەرەوە واتە ( سروشتیە ) یاخود پێویستی دەست نیشانی ناکات ، یان دەست تێوەردانی مرۆڤ تێیدا سنوردار کراوە پێش لەدایك بوونە ، لەبەر ئەوەیە توانای گۆڕینی نیە،ئازادی لەیاسادا واتە سەروەری بۆ دادگایە زانستی یاساکان توانای مامەڵە کردنیان هەیە لەوبوارەدا بەبێ دەست تێوەردانی کەسانی سیاسی یان دەسەڵاتدار ،لەم کاتەدا تاکی کۆمەڵگا دەبەسترێتەوە بە یاساکانی وولاتەوە بەبێ جیاوازی کردن ،لەناو کۆمەڵگای ستەم کاردا ئازادی دژی کۆیلەکردنە ، بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی هەیە لە ڕامیاریدا ، پێناسەکەی لەم چەمکەدا ڕاوبۆچونی جیاوازی هەیە لەگۆڕەپانی ڕامیاریداو بڕیاردان ئازادی تەرخان دەکات لە ( ئەرێ و نەرێ ) دا ، ئەوانەی لەباری نەرێدا ئەی بیننەوە ووشەی ئازادی ئەسڕنەوە ، ئەوەش دەست خستنە ناوکاروباری وولاتە بەشێوەیەکی دیاری نەکراو ، ئەوانەی لە باری ئەرێ دا توانای تاك لەبڕیاردانداا بەهەند وەردەگرن ئازادیەکی ڕەهایان هەیە لەئاستی هەڵبژاردن و بڕیارداندا ، نەبونی پەستان و ستەم کۆمەڵگا ئازاد و سەربەست دەکات ، تاك پێویستە خاوەن بڕیار بێت بۆ دیاری کردنی ئاما نجەکانی ،نەبونی ئازادیە کۆمەڵگا بەرەو سەرکوتکاری دەبات دەسەڵاتێکی ئۆتۆکراسی و دا پڵۆسینەر بەرهەم دەهێنی و سەرلەنوێ لەدوای شۆڕشی ئازادیخوازان کۆیلایەتی دروست دەکات ، هەروەك نەتەوەی کورد پاش یەك سەدە خەبات و خوێن بەخشین دوو پشکەی ململانێ سەروەری ئازادیەکانی گەستین و دەگەڕێینەوە سەرخاڵی سەرەتاو دەسپێك ، نەبوونی پێدا

ویستەیەکانە تاکی ئازاد ناگات بە هیواکانی تری وەك بەدەوڵەت بوون و ژیانێکی بڕلەبەختەوەری ،ئازادی مرۆڤەکان پەیوەندی قوڵی هەیە بەبوونی پێدا ویستیەکانی ، واتە تاك دەستەو ئەژنۆ دانانیشێ لەهەوڵدان تاخۆیان لەئازادیەکی ڕەهادا دەبیننەوە ، لێرەدا ئەڵێم ئاسن کوتینە بۆ دروست کردنەوەی چەمکی بەکۆیلە کردن ، هێزی هەژاران دوپاتی دەکەنەوە دەسەلآتە ئۆتۆکراسیەکان ناچاریان ناکات بۆ کارکردن ، نەبونی و بێکاریە ئەبێت کاربکرێت بۆ ژیان بۆ ئازادی ، ئەگینا لەبرسا دەمرن لەژێرستەمی سەرمایەداریدا ، زۆر جار لەئەنجامی ملاملانێی حیزبە سیاسیەکان لەنێوان خۆیاندا کۆمەڵگا تۆشی نەخۆشی درێژخایەن دەکات وایان لێ دێت بۆ پارویەك نان ڕێگەی کۆیلایەتی و کوشتن و بڕین دەگرنە بەر بەبێ ئەوەی پێ بزانن ، ئێرەیە کاری ڕۆشنبیران و خوێندەواران بۆ ووشیار کردنەوەیان ، ئەوە نەبوونی ئازادیە کاولکاری دەست پێ دەکات هەرلەسوتان و بەندایەتی و زیندانی کردن بەرهەمەکەیەتی ، ئەم هەرێمە کەنازناوی ئازاد کراوی لێ نراوە بۆ جوانیەکانی دەسڕنەوە تووشی گرفت و لەناوچونی دەکەن ، ئیتر بەس نیە بۆ دیپلۆماتکارانی کوردی دان بەمافی تاکی کوردیدا نانێن بەئیسلامی و عیلمانیەوە، لە پای چی دەیان سوتێنن لەبەرگێکی تردا گوایە میللەت هەرێم دەسوتێنێ یان سنورەکان دەکاتە شەڕگە ، ئەم هەرێمە هەرگیز ئاسودە نابێت تازەبەتازە ململانێی ناوجیزبەکان سەرهەڵ ئەدات یەکتری دەسڕنەوە بەبێ ئەوەی لەدەرەوەی بازنەی حیزب کەس تاوانی هەبێت ، نائارامی ئەمجارەی زاخۆ هیچ بەهاو نرخێکی بۆ میللەت نەهێشتەوە ، کوردستان کێشەی دەرەکی هەیە نەك ناوخۆ بۆچی تاکی کوردی نائومێد دەکرێتەوە ، پێم وایە گەر ژیان وابڕوات زیندان لەم کوردستانە خۆشترە ، هەموو ڕۆژێکیش ئەبێت لیژنەیەك پێك بهێنرێت بۆ چارەسەری کێشەکان ، ئەمەیە هەوڵ بۆ دروستکردنی کۆیلایەتیەکی تری تاکی کوردی .

**سەید عەتا**